بەگەرد تاهەبانی:بۆیاردرا بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی تەماتە لەدەرەوەی وڵاتەوە

بەگەرد تاهەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، بۆیاردرا بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی تەماتە لەدەرەوەی وڵاتەوە، بۆیارەکەش لەئەمڕۆوە تا کاتێکی نادیار جێبەجێدەکرێت.

بەگەرد تاهەبانی لەپەیامێکدا باویکردەوە، "لەپێناو بەرژەوەندی و سودی گشتی جوتیاران و چارەسەرکردنی کێشەی بەبازاڕکردنی بەرهەمێکی زۆری (تەماتە)ی خێمایی جوتیارانی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق، پاڵپشت بە هەماهەنگییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها وەڵامدانەوەی یاداشتی داواکاریەکانی جوتیاران لە (کۆمەڵەی کشتوکاڵی الزوبێر) لە سنوری پارێزگای بەسرە، لەژێر ڕۆشنای هەماهەنگی و بەرەو پێشچونەکانی لیژنەی هاوبەشی تایبەت بە یەکخستنی (ڕۆژمێری کشتوکاڵی) لەهەرێمی کوردستان و وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵ بۆیاردرا هاوردەکردنی تەماتە لەدەرەوەی وڵات قەدەغە بکرێت".

ئەوەشی رونکردەتەوە، "وەك چۆن ئەوان لەماوەی ساڵی رابردو، بۆیاریاندا بە قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەمی تەماتە لە وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی جوتیارانی ناوچەی پێجوێن و حاجی

ئەمەران و ناوچەکانی دیکەی هەرەمی کوردستان، ئەمەش لەپەناو درژەدان بەو نەریتی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنە و کردنەوەی بازاڕەکانی ناوخۆی هەرەمی کوردستان بەوی بەرهەمی ناوخۆی جوتیارانی ناوەراست و خواروی عێراق، بێیارماندا هاوردەکردنی تەماتە قەدەغە بکەین".

بگەرد تاڵەبانی دەشێت، "بێیاری قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەمی تەماتە لە دەرەوەی وڵاتەوە لەئەمڕۆ یەکشەممەوە تا کاتێکی نادیار جێبەجێدەکرێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "بە ئەم مەبەستە و وەرگرتنی ڕێککاری کارگێری و یاسایی، نوسراوی فەرمیمان ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابوری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگی هەرەم کردوە، بە کارپێکردنی لەسەرجەم دەروازەی پارزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرەمی کوردستان".